تێهەڵکێشی شیعری ((ڕەوەز ورد نابێ))ی مامۆستا هێمن موکریانی،
دێڕە ڕەشەکان شیعری هێمنە، وە سورەکانیش هیمنە. هاتە نوسین لە 2005/4/11.    زریان سەرچناری

# ڕەوەز ورد نا بێ

زەوی! ئێستاش لە ڕووت هەڵدێ بدەی سوڕ؟
نە ڕووخای ئاسمانی پیری پشت کوڕ؟
تاکەی بژین لەخاکی نیشتمان دوور؟
لە پێناوی لە بەرنەکەین کفنی سوور؟
کە حاڵی زارمان ئاوا دەبینن
کە ماڵی زاڵمان ئاوا دەبینن
داگیرکەران چەندە لێمان بەقینن
لاوە کانمان هەزار هێندە بەتینن
کە مەرگی کاوەکانی چاك دەبینن
کە جەرگی کیژەکان پڕ چاك دەبینن
کەلاشەی بێ سەر، لەسەردار دەبینن
هێند دڕەندەن خەریکی پێکەنینن
کە کۆڕی شین، بەهاری سور دەبینن
(ئەمین) ی نا ئەمین مەئمور دەبینن
مەئمورەکان ڕاستە بەناو (ئەمینن)
نا ئەمین ترین کەسی سەر زەمینن
کە بوکی سوری بێ زاوا دەبینن
کڕوزەی بێ گۆنای ساوا دەبینن
ئەوان کەی خاوەنی ئیمان و دینن
حە ق و ڕاستی لە لایان دەست لەبینن
کە سۆمایی لە چاو باوکان بڕاوە
بەرۆکی پیرە دایکان دادڕاوە
باب کووڕ و کوێر، دایك جەرگی بڕاوە
چاوەڕوانی نامەی کوڕی گوم ناوە

کە کوندی شوم لە گوندی کورد دەخوێنێ
کە گەنجی کورد دەگەوزێنێ دە خوێنێ
دوژمن کاتێ کە شالاومان بۆ دێنێ
گەر پێی بکرێ ڕەگ و ڕیشمان دەردێنێ
کەتەختی بەختی کورد بێ خێو دەبینن
( سولەیمانی ) ئەسیری دێو دەبینن
لە دڵماندا داخ و ژان و برینن
لە ناخماندا ڕقی تۆڵە ی بە تینن
بناری لێژ و ناهەمواری هەڵگورد
دەبینن بۆتە دەشتی کەربەلای کورد
ئە ی کوردینە با یەکگرین دەست وبرد
بینە پۆلا و ملی دوژمن بکەین وورد
بە ناحەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن
شەهیدی بێ سەر و بێ شوین دەنێژن
دوژمنان هێندە گێژ و گوێ درێژن
حەقمان دەخۆن قسەشمان پێ دەبێژن
بەلام با تێ بگا ئەو دوژمنەی پەست
ڕەوەز ورد ناکرێ هەرگیز بەداردەست
بەرامبەر تینی تۆڵە و ئیمان و هەست
سەرئەنجام سەرشۆڕدەکا و دەگەستێ دەست
دەبێ کوند هەر بەرەو وێرانە بفڕێ
هەڵۆ لەو کێوە سەربەرزانە نەبڕێ
ڕۆژێکی دێ کورد مافی خۆی وەربگرێ
دوژمنی پەست با لە حەسرەتدا بمرێ